The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

# ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد – چاک

# پەیڕەوی ناوخۆ

1§

## ئەندامەتی لە ناوەندا:

بوون بە ئەندام لە ناوەندا ئازەزومەندانە و کراوەیە بۆ هەر کەسێک، بەم مەرجانەی خوارەوە :

1– بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لە پەیڕەوەکەدا هاتووە، کار بکات.

2– پشتیوانی لانیکەم دوو ئەندامی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە کۆمیتەیەکی چاکدا، ئەندامی کۆمیتە بێت.

3– توانای بەرپرسیاریەتی یاسایی هەبێت.

4– ئابوونەی ئەندامەتی بدات.

5– دژ بە بەرژوەندی گەلی کورد کاری نەکردبێت و سزای تاوانیی نەدرابێت.

6– ئەو کەسانەی لە بواری ژینۆسایدا چالاکن، یان کەسایەتی هاوکار و دڵسۆزی دۆزی ژینۆسایدی گەلی کوردن، وەک ئەندامی شانازی وەربگیرێن.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

2§

## لەدەستدانی ئەندامەتی:

ئەندامەتی هەر کەس لە ناوەندا تەواو دەبێت ئەگەر:

1– خۆی داوای کشانەوە بکات.

2– کار نەکات بەو پێوەر و بڕیارە جێگیرەکانی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی ناوەندا، هاتوون.

3– ئابوونەی ئەندامەتی نەدات.

4– هەوڵی بە پاشکۆکردنی ناوەند بۆ پارت یان لایەنێکی ڕامیاری دیاریکراو بدات.

5– لە بەرژەوەندی وڵاتێکی داگیرکەری کوردستاندا کار بکات.

دەبێت ماوە دیاری بکرێت بۆ لەدەستدانی ئەندامەتی، ئەوەش بە نامەی تایبەت.

دەستەی بەڕێوەبەر دەتوانێت ئەم کارانەی خوارەوە بە دوای یەکدا یان جیا بە جیا بەرامبەر هەر ئەندامێک کە لە برگەی دوو و سێ و چواری ئەم بەشەدا گوتراوە بە زۆربەی دەنگ ئەنجام بدات، بەڵام لە ئەگەری بوونی خاڵی پێنجەمدا، دەستەی بەڕێوەبەر ڕاستەوخۆ و بێ ئاگادارکردنەوە هەڵوێست وەردەگرێت، دوای دەستکەوتنی بەڵگەی تەواو.

1– ئاگادارکردنەوە

2– سەرزەنشت کردن.

3– سڕکردنی ئەندامەتی.

4– لێسەندنەوەی ئەندامەتی.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

3§

## پێکهاتەی ناوەند:

چاک لەم ئۆرگانانەی خوارەوە پێک دێت:

### 1– کۆنگرە:

دوو ساڵ جارێک بە ئامادەیی نوێنەری ڕێکخراوەکان و دەستەی بەڕێوەبەر دەبەسرێت.

ئەرکەکانی کۆنگرە:

- پەسەندکردن و گۆڕانکاری لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ناوەندا.
- بە زۆربەی دەنگ بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی کە دەستەی بەڕێوەبەر کە تا خولی ئایندە، دەبێت جێبەجێیان بکات.
- هەڵبژاردنی سەرپەرشتیار و جێگری سەرپەرشتیار، لە دەنگدانی گشتیدا، ئەوەش بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان.
- هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ.

## 2- دەستەی بەڕێوەبەر:

دەستەی بەڕێوەبەر پێکدێت لە:

- 9 ئەندامی سەرەکی و 2 ئەندامی یەدەک، بە زۆرینەی دەنگ، لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن.
- بەرپرسی ڕێکخراوی وڵاتەکان لەگەڵ بەشەکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ دەبن بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر.

ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر:

- دەسنیشانکردنی بەرپرسی کۆمیتە جیاجیاکانی ناوەند وەک (ڕاگەیاندن، پەیوەندی بیانی، پەیوەندی کوردستانی، ڕێکخستن، دارایی، کەمپین و چالاکی، ئەرشیف).
- نوێنەرایەتی کردنی ناوەند لەسەر ئاستی گشتی.
- جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کۆنگرە کە تایبەتە بە دەستەی بەڕێوەبەر لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی و پێشنیارە پەسندکراوەکانی گۆنگرە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە کاروبار و چالاکیەکانی هەر 3 مانگ جارێک.
- داڕشتنی پرۆگرامی کار و چالاکی ناوەند.
- دانان و گۆڕینی کۆمیتە تایبەتییەکان بە پێی پێویست.

---

## 3- سەرپەرشتیار و جێگری سەرپەرشتیار:

سەرپەرشتیار و جێگری سەرپەرشتیار لە کۆنگرەی ناوەندیدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێن. هەروەها:

- وتەبێژی فەرمی ناوەندە.
- سەرپەرشتیار دەتوانێت تەنها بۆ 2 خولی کۆنگرە بۆ سەرپەرشتیاری خۆی بپاڵێوێت، بەڵام دەتوانێت بۆ دەستەی بەڕێوەبەر خۆی بپاڵێوێت.
- سەرپەرشتیار نابێت ئەندامی هیچ پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی یان (ئێراقی، ئێرانی، تورکی، سوری) بێت، ئەگەر ئەندام بێت، پێویستە واز لە کاری پارت بهێنێت.
- سەرپەرشتیار بەپێی توانا خۆی بۆ کار و باری ناوەند، تەرخان بکات.

## 4- دەستەی چاودێر:

دەستەی چاودێری لە 3 کەس پێک دێت و لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن. ئەندامی دەستەی چاودێر نابێت ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بێت. ئەرکی چاودێریکردنی کارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنە. ئەگەر داوای لێکرا، ڕۆڵی یەکلاییکردنەوەی گرفت و کێشە یاساییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

- ئەندامی دەستەی چاودێر پێویستە بەلایەنی کەم یەک ساڵ ئەندام بووبێت، هەروەها لەنوێنەرایەتی پێشتری ناوەند کاری کردبێت.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

- ڕۆڵی ڕاوێژکاری هەیە لەسەر هەنگاو و کێشەی ناوخۆی ناوەند, لە کاتێکدا ململانێیەک یان لێکنەگەیشتنێک یان هەنگاوێکی گرنگ هەبێت، ئەم دەستەیە راوێژی پێوست پێشکەش بە ناوەند دەکات. ئەگەر داوای لێکرا لە کاتی پێوستدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بڕیاری خۆی دەدات و بڕیارەکەشی سەپێنەر دەبێت.
- دەتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەردا، سزای هەر کەس و کۆمیتەیەک بدات، کە ئەگەر زیان بە سەربەخۆیی چاک بگەیەنن یا لە سەربەخۆیی چاک لایاندا.

## 5– کۆمیتە:

لە هەر وڵاتێک 3 ئەندام یان زیاتر هەبێت دەتوانن وەک ڕێکخراو کار بکەن.
پێویستە کۆمیتە، بەرپرسی دارایی و بەرپرسی ڕاگەیاندن دەستنیشان بکات.

لایەنیکەم ساڵی جارێک کۆبوونەوەی گشتی خۆی بگرێت.

4§

## دارایی ناوەند:

سەرچاوەکانی دارایی ناوەند ئەمانەن:

1– ئابوونە و یارمەتی ئەندامان (ساڵی 20 یورۆ)یە. هەموو کۆمیتەیەک دەبێت ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی خۆی ئاشکرا بکات. ئابوونەکان باشتر وایە لەڕێگای بانکەوە بخرێنە سەر کاسەی ناوەند لە هەر وڵاتێکدا.

2– کۆمەکی بێ مەرجی کەس و ڕێکخراوەکان.

3– داهاتی دەستکەوتوو لە هەڵمەتی فەند ڕێزین.

4– داهاتی بڵاوکراوە و بەرهەمەکانی تایبەت بە ناوەند.

5– کۆمەکی دەوڵەتیی تەرخان کراو بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان.

6– کۆمیتەکان بەو جۆرەی بۆیان دەکرێت کار بۆ ئەوە بکەن و سەرچاوەی داهات پەیدا بکەن، بەمەرجێک لەگەڵ ئەم پەیڕەوەدا جیاواز نەبێت.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

5§

## گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی ناوەند:

1– گۆڕینی بەشێ یان گشت یاسای بنەڕەتی ناوەند، دەبێت لە کۆنگرەی ناوەند بێت، ئەوەش دەبێت بە ڕێژەی زۆرینەی ¾ ی ئەندامانی ئامادەبوو بێت.

2– ناوەند بە بەدیهاتنی ئامانجەکانی، یان بە دەنگدانی ¾ ی ئەندامانی ئامادە بوو لە کۆنگرەدا، هەڵدەوەشێتەوە.

3– گۆڕینی ناو، یان چوونە ناو ڕێکخراوێکی دیکە، دەبێت بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆنگرە بێت.

4– بۆ هەر یەک لەو مەبەستانەی سەرەوە دەستەی بەڕێوەبەر بە زۆرینەی دەنگ، توانای پێشنیارکردنی کۆنگرەی هەیە.

5– دوای هەڵوەشاندنەوەی ناوەند، سامانەکەی دەبێت بۆ ڕێکخراوێک کە ئامانجەکەی لە ئامانجی ناوەندەوە نزیکە بڕوات، یان بەپێی زۆرینەی ¾ ی ئەندامانی کۆنگرە، بڕیاری لەسەر بدرێت.

**تە واو**